# زانكۆی سەلاحەدین بۆ بێدەنگی

.. زیرەك عەبدوڵلا..

لەم ماوەیەی دوایدا دونیایەك ڕووداو و دیاردەی هەستیار لەنێو كۆمەڵگای كوردیدا ڕوویداوە, ئینجا چ لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی بێت یا سیاسی یا پەروەردەیی و ئەخلاقی و ...هتد, هەر یەكێكیش لەمانە بەپلەی جیاواز كاریگەری لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵگا هەبووە، ئەم ڕووداو و دیاردانە هەموویان لە شوێنێكدا پێویستیان بەهەڵوەستە بۆكردن و لێوردبوونەوە و قسە لەسەركردن هەیە, ئەمەش بۆ مەبەستی ڕاڤەكردن و خوێندنەوەیان, تاوەكو بتوانرێت هۆكارەكان و ئەنجامەكانیان دیار بكرێت، سەرەنجام هەوڵ بۆ نەمان یا گۆڕین و چاككردنەوەیان بدرێت, بەمانایەكیتر ئەو ڕووداو و دیاردانە پێویستیان بە توێژینەوەكردن هەیە، بۆ مەبەستی تێگەیشتن و پێشبینیكردن و كۆنترۆڵكردنیان.

بەشێكی گەورەی ئەم ئەركە لە هەموو كۆمەڵگایەكدا دەكەوێتە ئەستۆی زانكۆ، ئەمەش لەبەر ئەو ڕۆڵ و كاركردەی ئەو دامەزراوە لەنێو واقیعی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكاندا دەیگێڕێت، بەمانایەكیتر لەبەر ئەو شوێنگە جوگرافیەی كەوا زانكۆ داگیری كردووە چ لەلایەنی پەروەردە و فێركردن و بەرهەمهێنانی مەعریفە و ئاراستەكردنی ژیانی كۆمەڵگا, یاخود بەخوێندنەوەی واقیع و دەستكاریكردنی، بەڵام ئەگەر سەیری زانكۆكانی هەرێمی كوردستان بەگشتی و زانكۆ سەلاحەدین بەتایبەتی بكەین بەو پێیەی گەورەترین زانكۆی كوردیە چ لە ڕووی تەمەنی بەدامەزراوە بوونی و چ لە ڕووی ژمارەی قوتابیانی، دەبینین ڕێك پێچەوانەی ئەمە مامەڵە و هەڵسوكەوت لەگەڵ واقیع و ڕووداو و دیاردەكانی دەكات, زانكۆی سەلاحەدین بێدەنگی هەڵبژاردووە لە هەمبەر هەموو ئەو پرس و ڕووداوە هەستیار و چارەنووسسازانەی لە كۆمەڵگا و كایە جیاجیاكانی ڕوودەدات, بەڵێ بێدەنگی بۆتە ئاراستەی هەمیشەیی ئەو دامەزراوەیە لە مەوقیفەكاندا، ئاخر سەیركەن هەرێمی كوردستان دوولەت دەكرێت زانكۆ قسە ناكات، شەڕی خۆكوژی ڕوودەدات و خەڵك دەكوژرێت و سەر دەبڕێت و ئەتك دەكرێت زانكۆ هیچ ناڵێت، دیاردەی گرووپی تاوانی ڕێكخراوی لە شێوەی گرووپی شێخ زانا بوونی دەبێت زانكۆ هەر بێدەنگە، فەسادی ئیداری باڵی بەسەر زۆربەی دامودەزكان دادەگرێت، و تاكەكانی كۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی و ئیداریەوە بەخراپترین شێوە فەرامۆش دەكرێت زانكۆ هەر ورتەی لەدەم دەرناچێت، دواجاریش لە نوێترین ڕووداودا هەڵەبجەییەكان لە یادی كیمیاباران كردنیاندا تەقەیان بەسەردا دەكرێ و بەوپەڕی هەست نەكردن بەبەرپرسیارێتیەوە لەلایەن دەزگای ئاسایشی ناوچەكەدا ئیهانە دەكرێن زانكۆ هەمدیسان قسە ناكات. من نازانم ئەو عەقڵە چییە زانكۆ بەرێوە دەبات, خۆ بەڕێوەبەرانی زانكۆ لە هەسارەی مەریخ ناژین تاوەكو ئەوەندە بێئاگابن لە دونیا و لە واقیعی كومەڵگای كوردی, من نازانم ئەو ئیرادە و ئەو جورئەتە چییە لەلای كاراكتەرەكانی زانكۆ هەیە، بڵێی ئەو ئیرادە و جورئەتە ئەوەندە كەم بێت بەشی ئەوە نەكات لەسەر هەڵەبجە و

خەڵکی هێشتا ئاسەوار لەسەربەجێماوی کێمیابارانەکە و مینۆمێنت و شوێنەکانی دیکەی هەڵەبجە بەوەڵام بێت و هەڵوێستێك وەربگرێت لەو دەستدرێژیە هۆفیگەریەی کرایە سەریان، خۆ هەر هیچ نەبێت بەشێکی ئەوانەی تەقەیان بەسەردا کرا قوتابی و کادیری زانکۆ خۆی بوون، خۆ هەر هیچ نەبێت (کوردە)ی ڕەحمەتی قوتابیەك و هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتە بوو کە زانکۆکەی تێدایە، هەر هیچ نەبێت پسپۆڕانی زانکۆی سەلاحەدین لە کۆبوونەوە و کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکان خۆیان بە زانکۆی وڵاتێك دەناسێنن کە شووناسەکەی هەڵەبجەیە.
بەدەنگەوە نەهاتنی زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و سەلاحەدینیش بەتایبەتی لەو دەستدرێژیەی کرا سەر خەڵکی هەڵەبجە، بەدەنگەوە نەهاتنە لە حورمەت و کەسایەتی تاکی کورد کە لەو ڕۆژەدا وەکو تاکە پیلاوێکی دڕاو وابوو لەلای دەزگا و کارمەندانی ئاسایشی ناوچەکە، لێرەدا دەبێت بپرسین زەروورەتی ئەو زانکۆیە لە کوێدایە کاتێك لەبەرانبەر ڕووداوێکی گەورەی لەو چەشنە بەدەنگەوە نێت و قسەی نەبێت، با لە چاو نووقاندنێکی خێرا ئەوە بێنینە بەرچاومان ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا ئەگەر لە فەرەنسابوایە چی ڕوویدەدا؟ و زانکۆکان چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ ئەو ڕووداوە دەکرد؟ بەدڵنیایەوە دڵێم ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا ئەگەر لە فەرەنسابوایە ئێستا زانکۆی ئەو وڵاتە هەموو دونیای تێگەیاندبوو و قەتیش ڕازی نەدەبوو بەو شێوەیە بێحورمەتی بەتاکەکانی کۆمەڵگاکەی بکرێت, لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی ناچار دەکرد داوای لێبوردن بکات و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکاتەوە، بەڵێنیش بدات جارێکیتر دەستدرێژی لەوچەشنە نەکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی چەندین بەرنامە و کۆڕ و سیمینار و چالاکیان بەمەبەستی جیاجیا دەکرد؟ بەڵام ئایا لێرەدا چی کرا، بۆیە دیسان دەڵێمەوە زەروورەتی زانکۆیەکی لەشێوەی سەلاحەدین چییە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئەی لەکێندەر کردنەوەی ئەو هەموو زانکۆیە زەروورە ئەگەر لەسەر پرسی واگرنگ قسەیان نەبێت.
بێدەنگبونی زانکۆکان لەم ڕووداوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە ڕۆڵی خۆیان ناگێڕن لەناو کۆمەڵگادا، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر لە ئێستادا ئەو کۆمەڵگایە پێویستی بە گۆڕان بێت، ئەوا دەبێت لەسەردەستی ئەو دامەزراوانەوە بێت، بۆیە پێویستە ئەم دامەزراوانە بەخۆیان دابچنەوە و هەڵوەستە بکەن لەبەردەم پرسە پەیوەستدارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا, پێویستە گۆمی مەنگی بێدەنگی بشلەقێنن و چیدی بێزمان نەبن، جگە لەمە پێویستە داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجەش بەتایبەتی بکەن، لەوەی هەڵوێستیان وەرنەگرتووە لەو ڕووداوە و بەهی کۆمەڵگای خۆیان نەزانیووە، داواش لە دەسەڵاتی کوردی بکەن (ئەوانەی تەقە بەسەر منداڵەکانی کۆمەڵگاکەیاندا دەکەن و لە یادەکاندا لەنێو خوێن سووریان دەکەنەوە) داوای لێبووردن بکەن و زیان لێکەوتووان قەرەبوو بکەنەوە و بەڵێنی دووبارەنەبوونەوەش بدەن.